Nma Kurd
نما كورد
www.nmak.org
18.25: 4-7-2006 بەكاتی كوردستان

# زانكۆیەكی تایبەتەو زمانی ئینگلیزی بەكاردێنێ




## "زانكۆی كوردستان دەكرێتەوەو
## سالی نوێ (٤٠٠) قوتابی وەردەگرێت"

ئا: سۆران عززەت

**زانكۆی كوردستان زانكۆیەكی تایبەتەو لە ماوەی ڕابردوودا ئاگادارییەكی بلاوكردەوە بۆ وەرگرتنی قوتابیان لەو زانكۆیە، ئێمەش لە ڕۆژنامەی وەرچەرخان بەباشمانزانی بۆ لەنزیكەوە ئاشنابوون بە بیرۆكەی دروستبوونی ئەم زانكۆیەو مەرجەكانی وەرگرتنی قوتابی و پەیوەندی ئەم زانكۆیە بە زانكۆكانی تری كوردستان و جیهان و چەندین لایەنی تری پەیوەست بەم زانكۆیە چاوپێكەوتنێك لەگەڵ پرۆفیسۆر عەباس وەلی، سەرۆكی زانكۆی كوردستان بكەین و چەند پرسیارێكی ئاراستەبكەین.**

**+گەر پێناسەیەكی گشتی زانكۆی كوردستان بكەن؟**

-بە پێی یاسای زانكۆمان بریتییە لە زانكۆیەكی تایبەتی بەو مانایەی ئەهلی نییەو پارە وەرناگرێت لە قوتابی وەحكومەتی هەرێم ئەركی ماددی دەگرێتە ئەستۆی خۆی، بەكورتی تایبە تمەندی ئەم زانكۆیە لە پرۆسەی كاری ئەكادیمی و بەڕێوەبردنی خۆیدا سەربەخۆیە، شوێنكەوتەی یاساو ڕێساو بڕیاری خۆیەتی، دیارە ڕێسای خوێندنی بالا لەبەرچاودەگرین لەبەڕێوەبردنی خۆیدا لە ڕێدەركردن و تاقیكردنەوەكانی خۆیداو لەكاری ئەكادیمی خۆیدا سەربەخۆیی هەیە. سەربەخۆی لەوەوە دێت كە زانكۆی مۆدێرن ئەگەر چی حكومەت هاوكاری ماددی بكات، بەلام مانای ئەوە نییە كەسەربەخۆیی ئەكادیمی و بەڕێوەبردنی لەدەستبدات، دەبێت ئازادی هەبێت ئێمە لەگەڵ زانكۆی E كاردەكەین ئەم زانكۆیە ڕێساو

بڕیاری هەیە کە ئێمە دەبێت لەبەرچاوی بگرین، ئەم ڕێسایانەش لەگەڵ ئەو ڕێسایانەی کە وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ زانکۆکانی دادەنێت ناگونجێت.

+ هاوکاری حکومەت جگە لەهاوکاری ماددی بۆ زانکۆکە دابینکردنی بەشی ناوخۆیی و دەرماڵەی قوتابیانیش دەگرێتەوە؟

- ئەو قوتابیانەی دێنە زانکۆی ئێمە وەك قوتابیانی تری زانکۆکانی کوردستان مافی هاوکاریان هەیەو حکومەت پارەو دەرماڵەیان دەداتێ، هەروەها ئێمە بەنیازین شوێنی نیشتەجێ و بەشی ناوخۆیی بۆ سەرجەم قوتابیان دابینبکەین، بەڵام بۆ ئەم ساڵ تەنها قوتابیانی دەرەوەی هەولێر دەگرێتەوە بەڵام ساڵانی داهاتوو قوتابیانی ناو هەولێریش دەگرێتەوە.

+ئەو مامۆستایانەی لە زانکۆی کوردستان وانە دەڵێنەوە مامۆستای زانکۆکانی کوردستانن یان مامۆستای دەرەوەی هەرێم و ڕۆژئاوان؟

- زۆربەی ئەو مامۆستایانە لەدەرەوە دێن، بەڵام لەوانە کوردیشیان تێدایەو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان تێدایە، ئەورووپی و ئەمریکیشیان تێدایە، ئێمە بۆ ئەو پۆستانە لەدەرەوەی وڵات لە ڕێگەی ڕاگەیاندن ڕایدەگەیەنین لە ڕۆژنامەکاندا جائەوکەسانە ئایا بە پێی مەرجەکان بۆ ئەوکارەی دەشێت یان نا، پاشان چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکرێت لەلایەن ئەو گروپەی کە هەمانە لەلەندەن بۆ هەڵسەنگاندنیان بەرەچاوکردنی ساڵانی ئەزموون و شارەزایی پاشان گرێبەستێکیان لەگەڵ دەکرێت بۆ ماوەی دوو ساڵ ئەگەر پێیان خۆش بوو بۆیان زیاددەکرێت وە ئەگەرنا تەنها دوو ساڵەکە، جگە لەمانە ئێمە هیچ پێوەرێکمان نییە بۆ ئەو مامۆستایانە کە دەبێت خەڵکی کوێ بن و کوێ نەبن، تەنها سەیرکردنمان بۆیان لەلایەنی ئەکادیمییەوەیە کە ئەزمونیان هەبێت و توانایان هەبێت و بەزمانی ئینگلیزی وانە بڵێنەوە، چونکە لەم زانکۆیە خوێندن و نووسین و فێرکردن و لێکۆڵینەوە بە زمانی ئینگلیزییە.

+ئەو کۆلێژو بەشانەی کە ئەم زانکۆیە دەیگرێتەخۆ چین؟

-ئێمە بۆ دوو ساڵی یەکەم بڕیارمان وایە شەش بەش و کۆلێژمان هەبێت ئەوانیش (زانستی ڕامیاری و پەیوەندی نێودەوڵەتی، کۆمەڵناسی و کاری کۆمەڵایەتی، ئابووری و دارایی، بەڕێوەبردن و کارگێڕی کار، مێژووی هاوچەرخ، زانیاری تەکنەلۆژی) دوای دووساڵ ئامانجمان ئەوەیە زانکۆکانمان گەورە بکەین دەچینە سەرلایەنەکانی ترو بەشەکانی تر لەزمان و ئەدەب و بەشە زانستییەکانی تر (زانستەکانی فیزیك و کیمیا..).

+خوێندن لەم زانکۆیە بۆ بڕوانامەی بەکالۆریۆس چوار ساڵە؟ ئایا ساڵانە وەك زانکۆکانی تر ماوەی دەوام ٨-٩ مانگ دەبێت؟

-خوێند لەم زانکۆیە چوارساڵە، بەڵام جیاوازی ئەوەیە کە ساڵی یەکەمی خوێندن قوتابی زیاتر زمانی ئینگلیزیو زانیاری تەکنەلۆژی (کۆمپیوتەر) لەگەڵ چەند ماددەیەکی گشتی دەخوێنێت، ساڵی یەکەم بۆ ئەوەیە کە قوتابی ئەوەندە فێری زمانی ئینگلیزی بێت کە لە ساڵانی داهاتوودا بتوانێت دەرسەکانیان بە زمانی ئینگلیزی بخوێنن، وە سێ ساڵی کۆتایی خوێندن بەکەیسەو ماوەی دەوامیش لە ساڵدا ٨-٩ مانگ دەبێت.

**+ژمارەی قوتابیانی وەرگیراو بۆ خوێندنی ئەم ساڵ چەندە؟**

-٣٠٠ – ٤٠٠ قوتابی لەو برەش زیاتر نابێت چونکە ئەو قوتابیانە دەبێت وانەی ئینگلیزی بخوێنن ئەو وانانەش نابێت لە ١٨-١٦ قوتابی زیاتری تێدابێت بۆ ئەمەش لانی کەم ٢٠ مامۆستا دەبێت هەبن، ئەم مامۆستایانەش لەلایەن ئەو زانکۆی بەریتانیەوە هەڵدەسنگێن وە ئەوان تاقیکردنەوە بۆ قوتابی دادەنێن و بڕیاری دەرچوون یان کەوتن دەدەن تەنانەت لەدەسەڵاتی منیش نییە.

**+قبوڵ خاس لەم زانکۆیەی ئێوە هیچ کاری پێدەکرێت؟**

-قبوڵ خاس لێرە جێگای نییە، یەکێك لەمەرجەکانی ئەوەی کەمن ئەم کارەم کردووە وە هاوڕێکانم کە پێکەوە بڕیاری ئەم کارەمان داوە لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی کوردستان ئەوەمان بەڕاشکاوی وتووە کە زانکۆی مۆدێرن و هاوچەرخ جێگای کەسی ئەکادیمیو خاوەن توانای تێدا دەبێتەوە مانای ئەوەیە کە ئەو قوتابیە بەتواناو لێهاتوویی خۆی دەتوانێت بێتە ئەم زانکۆیە، ئەگەر منیش ویستم قبوڵ خاس بۆ قوتابییەك بکەم ئەوە لای ئەو زانکۆ بەریتانیە جێگەی قبوڵ نییە.

**+مەرجەکانی وەرگرتنی قوتابی لەم زانکۆیە چییە؟**

-دەبێت ئەو قوتابییە تێکڕای نمرەیان ٧٥٪ کەمتر نەبێت، پاشان دێن فۆرمێك پڕدەکەنەوە لەدواییدا بەپێی فۆڕمەکان ئەو قوتابیانە تاقیکردنەوەی توانستی زمانی ئینگلیزی دەکرێن کە ئەم تاقیکردنەوەیە لەلەندەنەوە دادەنرێت لەلایەن ئەو زانکۆیەی کەکاری لەگەڵ دەکەین پاش دەرچوون لەو تاقیکردنەوەیە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو قوتابیانە دەکەین لەماوەی ٤٥ – ٦٠ خولەك، لە کۆتاییدا ئەو ٣٠٠ – ٤٠٠ قوتابییە هەڵدەبژێرین.

**+لەوتاقیکردنەوەی توانستی زمانی ئینگلیزییە ئایا ڕەچاوی ئەوە دەکرێت کە قوتابی کورد تا ڕادەیەکی کەم شارەزایە بەزمانی ئینگلیزی؟**

-ئێستا لەهەوڵی ئەوەین کە پرسیارەکانی ئەمساڵی وزاری وە ساڵانی ڕابردوو کۆبکەینەوەو بینێرین بۆ لەندەن تا لەڕێگەی ئەو پرسیارانەوە ئاستی قوتابی ئێمە بزانن هەرلەسەر ئەو بنچینەیەش پرسیار دادەنێن.

+پرۆگرامی خوێندنی زانکۆی کوردستان وەك پرۆگرامی زانکۆکانی کوردستانە یان زانکۆکانی بەریتانیا یان خۆی بۆ خۆی پرۆگرامی تایبەتی هەیە؟

-لەگەڵ زانکۆی برات فۆرت کاردەکەین لەبەریتانیا، بەشێك لەوان وەردەگرین و بەشێکیش پەیوەندی بە مێژوو ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی کوردستانەوە هەیە، لە پلەی یەکەمداو پاشان خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان لە پلەی دووەم و سێیەم لەبەرچاودەگرین. بۆ نموونە بۆ سیاسەت کۆرسێکمان هەیە بەناوی ( Edimoz Espet ) ئەگەر ئەو کۆرسە لە ئەوروپا بێت کاتێك باسی دروستکردنی دەوڵەتی مۆدێرن دەبێت، ئەوا لەدەرەوەی فیۆدالیزمەوە دەست پێدەکەین، دەبێ ئەوەش بزانین کوردستان لە عێراق هەیە لە ئێران و سوریاو تورکیا هەیە، ئێران کە تایبە تمەندی خۆی بوو، بەڵام کوردستان و عێراق و تورکیاو سوریا بەشێکن لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی جا ئەگەر ئێمە وانە بۆ ئەوە دابنێین ئەو قوتابیانە بگێڕینەوە بۆ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و چۆنیەتی دروستبوونی و کەوتنی، سەرکەوتنی بزانن، تایبە تمەندی کوردستان لەناوچەکە لە دوای گشتییە.

+دەوامی ئەم زانکۆیە کەی دەستپێدەکات؟

-لە ڕاستیدا دەمانەوێت لەسەرەتای مانگی ( ١٠ ) دەست بەدەوام بکەین.

+وەك دەبینین بیناکەتان تەواو نەبووە ئایا تا مانگی ( ١٠ ) تەواو دەبێت؟

-بەڵێ تا کۆتایی مانگی ( ٧ ) بیناکە تەواو دەبێت.




+ئەو قوتابیانەی کەناویان دەردەچێت لەم زانکۆیەی ئێوە چۆن ڕایدەگەیەنن یان بڵێین چۆن ئەو قوتابیانە ئاگادار دەکەنەوە؟

-بەڵێ لەڕێگای ڕاگەیاندنە کاریگەرەکانەوە وە یاخود لەڕێگەی تەلەفۆن و مۆبایل کە ئەو قوتابیانە لە فۆرمەکاندا پێیان داوین.

نماکورد: سایتی هەواڵ و ڕاوبۆچوونی قوتابیان و گەنجانی کورد.